هـ ە ڵ ە

ب ج ە

هـ ە ڵ ە ب ج ە هـ ە ڵ ە ب ج ە

هـ ە ڵ ە ب ج ە هـ ە ل ە ب ج ە

هـ ە ڵ ە

ب ج ە

ج ە ڵ

ە ب ج

هـ ە ڵ

**قوبادى جەلى زادە**
jallyzada@yahoo.com

( 1)

**تەنيا ,**
**گوڵە بەرۆژە دەتوانێت،**
**چاو ببڕێتە چاوى خۆرو**
**نەيترووكێنىٚ !**
**گوڵە بەرۆژەيەك گوتى :**
**خۆر ،**
**كە بەسەر هەلەٚبجەدا  رەت دەبىٚ ،**
**ڤيناع دەكاتە سەر !**

( 2)

**لە پۆلە كۆترى گومبەزى**
**مزگەوتێكى هەلەٚبجەوە :**
**بۆ _**

کۆترەکانی سەلیبی سوور :
ئاگادار بن
ئاگادار بن
بە بێ قیناع
پێ نەنێنە خاکی سنوور !!

(3)

ئەوەدەمە ،
کەس سەری نەسوڕما
کەس پێکی لە دەست نەکەوتە خوارێ
کەس سەفی نوێژی تیك نەدا
کەس زەنگی کڵێسانی رانەوەشاند
کەس با ڵی حەسرەت و فرمێسکی لێك نەدا
کەس جەرگی پشك پشك نەبوو
کەس خوێنی ووشك نەبوو
کەس لێوی کەسەری بۆ نەکرۆشت
ئەو شارە بەتەنێ
هەڵەبجە بەتەنێ
شەربەتی ژەهری نۆشت !

(4)

چۆلەکەکانی هەڵەبجە ،
بە سەری سپی
بە چاوی شووشە
بە باڵی پلاستیکی
بە سیپەلاکی کونکونەوە
لە هێلکە دەبن !

( 5 )

چۆلەکەکانی هەڵەبجە
بن با ڵیان پڕ لە راوکەروو
هەناسەیان پڕ لە قەفەس .
ئەوان ناچنەوە سەر دارستان و
لە گەڵ کەروێشکەی گوڵە گەنمدا
سەما ناکەن !

( 6 )

کۆترەشینکەکانی هەڵەبجە
لە نێوان
مەمکە گومبەزیەکانی عەمبەر خاتوون و
سینگە هەڵقرچاوەکەی عومەری خاوەردا ،
گۆڕستانێکن لە دەنووک!
ئەوان ،
لە خانەی پەککەوتەکان و
لە قاوشی خەستەخانە نەخۆشەکاندا
مردار دەبنەوە !

( 7)

مێ کەروێشکەکانی هەڵەبجە ،
نە چوونەتەوە سەر بەرماڵ ..
لە رۆژی ژەهرەوە ،
نەزیف !

( 8)

پشیلە چاو کزەکان ،
تووتکە تۆقیوەکانی هەڵەبجە ،
بە ڤا لیۆم دەخەون !

( 9)

سمۆرەكانی هەڵەبجە
بە عەرەبانەی كەم ئەندام
بە گۆچان
بە دارشەق ،
دەچنە بەر خوێندن !

( 10 )

هیرۆشیما گوتی :
هەڵەبجە
زامارترین خوشكی منە !
هەڵەبجە
بچووكتر ین
ناسكتر ین
تەنیاتر ین
كچی ژەهرە !!

( 11)

هـ هـ
ە ە
ل ل
ب ب
ج ج
ەە